هۆنراوە بۆ منداڵان
پەروەردە و فێرکردن

# پەیامی چل پەپوولە

شاعیر
بەختیار کەلهوڕی



# پەیامی چل پەپوولە

دانەری : بەختیار کەلهوڕی
ساڵی دەرچوونی: 2021
ساڵی چاپ: 2021
ژمارەی سپاردن: 832 ی ساڵی 2021
بابەت: هۆنراوە بۆ منداڵان
تیراژ: 500 دانە
نرخ: 2000
بەرگ و ناوەڕۆك : ئیبراهیم ساڵح
سەرپەرشتی چاپ : ناوەندی ئاشتی
چاپی: یەکەم



# پێشەکی

لە پەرتووکی ژمارە ( 2 )ی ئەم زنجیرەیەدا, پەیامی چل پەپوولە دەنێرم بۆ سەر جوانترین و ناسکترین بوونەوەری سەر ڕووی ئەم زەمینە کە ئەوانیش منداڵان و فێرخوازانی دڵپاک و خاوەن هەستی ئەم قۆناغەن کە تێدا, دەپرسن و منیش بەپێی توانا لە ڕێگای هۆنراوەکانمەوە وەڵامێکی گونجاویان دەدەمەوە بۆ ئەوەی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا سودی لێوەربگرن و کەسانی سەرکەوتوویان لێ دەربچێت و لە دوا ڕۆژدا بەپێی توانا خزمەتی گەل و وڵاتی خۆیان بکەن.

شاعیر
بەختیار کەلهوڕی



# پێشکەشە

- ڕوحی پاکی باوکم.
- دایکی خۆشەویستم کە هەموو کات پاڵپشتم بووە.
- برا و خوشکەکانم.
- هاوسەری ئازیزم ( ماردین ).
- جگەرکۆشەکانم ( لەنیا و لۆنا و لەوەند ).
- هەموو منداڵە جوانەکانی سەر ئەم گەردوونە.



## قوتابی ناوازە

بـــۆ قـوتـــابـــی نـــاوازە
خـــوێـنـدن بـۆتـــە دەروازە
بـە ســـۆزی ئـــەم ئـــاوازە
فـێـر دەبێ لـەم شـێـــوازە
دەی ڕۆڵـــەکـــەم بـخـوێـنـە
وەك بـــولبول بـچـریکێنـــە
دەنگی خۆشـت هــەڵـبێـنە
هەڵـمـەت بۆ زانست بێنـــە
هـەرچی پیـــت و وشـــەیە
بـیـخـەرە ئـەم ڕسـتـەیـە
قـــوتـــابـی زیـــرەك وایە
دوا ڕۆژی وەك چـــــرایـــە



# خێزان

مــنــی مــنــاڵ دەزانــم
ئـەنـدامـێـکـی خـێـزانم
دەزانــم وەك گوڵی گەش
خێزان دەبێ بە دوو بەش
خێزانی گـەورە و بچووك
پێك دێت لە دایك و باوك
لەگەڵ وان خوشـك و برا
بـۆ یــەك دەبــن بەچرا
بـە داپــیــرە و بـاپــیـرە
خــێزان گـەورە و دڵگیرە



## پەرتووکەکەم

پـەرتـووکەکەم شیرینە
پـڕ زانـــیـــاری زێـڕینە
بـۆ شـیكـار و ڕاهـێنان
بـۆ زانـست و داهـێنان
لە نـاو جانـتـا دامناوە
لەگـەڵ خـۆمـم هێناوە
دەزانـی ئـەو هـاوڕێمە
لە قـوتابخانـەش پێمە
پـــاڵپشتە بۆ هۆشیاری
بـۆ کۆمـەڵگـای ژیاری
چـــرای ڕونـــی ژیـانـە
خۆراکی ڕوح و گیـانـە



# گزی

ڕۆڵەکەم مەکە گزی
کارێکی خراپە دزی
وەکو فێڵ و درۆیە
دەبێ لێی دووربی بۆیە
ئەوەی دەکاتن گزی
هەر دەبیندرێ بەکزی
خۆتی لێ بپارێزە
تا بمێنێ ئەو ڕێزە
چیتر کاری نەشیاو
مەکە و پێم بڵێ: تەواو



# کـاتـژمـێـر

کـاتــژمـێـر چـك چــك و چـــك
گـــوێبگــره مــنــاڵــی بـچــووك
دوازده ژمـــارەی ڕێـــك و پـێــك
بـە دوای یەك یەك دادێـن یـەك یـەك
میـلی گـــەوره و مـیـلی بـچـووك
دەسـوڕێـن ڕێــك لـە دوای یـەك
مـیلی گەوره پـاش شەست چـــك
ئــەو دیـــار دەكــاتــن خــولـەك
كـە جـــولا مــیـلـی بــچـــووك
نـیــشـــان دەدا كـــاتـی ڕێـك



## گۆڤار

گـــۆڤـاری خـنـجـیلانـە
ئـەو هـــاوڕێی مـنـاڵانـە
بـە بـڕگـە و بـابـەتی جـوان
لـە لام دەبـێـتـە مـیـوان
مـەتـەڵ و هـێـڵ ڕاکـێشان
شیعر و چیرۆك و پەخشـان
لـەگـەڵ بـە یـەك گەیشتـن
جـوانـی وشـە داڕشـتـن
بـەو گـۆڤـارە پـەیـوەسـتـە
کەمـێـك بکـە هـەڵـوەسـتـە
بـیـخـوێـنـــەوە ڕۆژانـە
پڕ لـە بـابـەتی جـوانـە



# خامە

خـامــە وەکــو هــاوڕێمە
بـۆیـە هـەمـوو کات پێمە
بێ گیانـێـکـی بێ دەنگە
هـیـوای ڕۆژێـکـی تـەنگە
نـووسیـن دەکەم بە خامە
لەسەر ئـەو پەڕەیـی لامـە
گشـت پیتەکـانی کوردی
دەنـووسـم زۆر بـە وردی



## وێنەکێش

مـــن مـــنـــاڵـی وێـنـه کێش
وێنـــەی زۆر سـەرەنج ڕاکێش
بـه گـــڕ و بـەتـیـن و جۆش
بـه بـیر و ئەندێشه و هۆش
لـه ســـــەوزایـــی گــژ و گیا
لـه دەشـــــــت و دۆڵ و چیا
لـه دەریـــاچـــه و لـــه دەریا
لـه ڕووبـــــــار و لـــه زەریا
لـه پـەڵـــه هـــــەور و باران
بـه قــەڵــەم ڕەنـگی جاران
دەکــێـشـــم بـه دڵ و گیان
وێـنـەی ســـروشــتـی ژیان



## باغی گشتی

کە چووی بۆ باغی گشتی
پاك ڕابگرە سروشتی
گوڵی لێ مەقرتێنە
سیماکەی مەشێوێنە
شوێنی لێیە بۆ یاری
بۆ دڵخۆشی و بەختیاری
کاتی خۆش بەسەر بەرە
زۆر چێژی لێ وەرگرە
باغی گشتی جوانە
بۆ گەورە و منداڵانە
ئەرکە وا لەسەر شانتان
بیپارێزن وەك چاوتان



# ئایپاد

بـەکـار دەهێـنـم ئـایپاد
ڕۆژانە چەنـدین سەعات
بـەدیـار یــاری سندیباد
کــاتـــی زۆرم لـێـدەبات

ئـــامـێـرێـکـــی زیـــرەکە
هەر شاشەیە و بە لەمسە
کــارامـەیـە و بـچـووکە
تاوێ لـە لات بـێ بەسە

زۆر بـەکـــاری مـەهێنە
زیـان بە خۆت مەگەینە
هـەتـا دەکـرێ بخـوێنە
واز لـە ئـایــپـادی بینە



# تەمەڵی

هەرگیز وشەی تەمەڵی
بە هیچ منداڵێ مەڵێ
ئەگەر بێت و بخوێنێ
کەمتەرخەمی نەنوێنێ
هەڵمەت بۆ زانست بێنێ
نەزانین لەبن دێنێ
بۆیە لەبری تەمەڵی
لە قوتابخانە و ماڵێ
پێی بڵێ: تۆ مەشخەڵی
هیوای دوا ڕۆژی گەلی



## پێشانگا

پێشانگای جوان و قەشەنگ
پڕ لە وێنەی ڕەنگا و ڕەنگ
دەکرێتەوە ساڵانە
بۆ بەهرەی مناڵانە
لە پێشبڕکێکەی ئەمساڵ
بەشدارم منی مناڵ
تابلۆیەکم کێشاوە
لە پێشانگا دامناوە
وێنەی ئاسمانی ساماڵ
پڕ لە فەنتازیا و خەیاڵ
دیمەنێکی جوان و ئاڵ
دەتبا بۆ دونیای مناڵ



## جەژن

ئەمڕۆ جەژن و شادییە
بۆ منداڵان دیارییە
جلی جوان جوان دەپۆشن
خۆشی و شادی دەنۆشن
کۆمەڵ کۆمەڵ پێکەوە
لەگەڵ یەك کۆدەبنەوە
دەستی یەکتری دەگرن
لەبەر دەرگا ڕیز دەگرن
بۆ چوکلێت و شیرینی
کە خاوەن ماڵ دەیهێنی
وەکو دیارییێکی جوان
دەبەخشێ بە منداڵان
منداڵانیش دڵخۆشن
ئەو شیرینییە دەنۆشن
هەموو پێکڕا بەیەك ڕەنگ
بەیەك ئاواز و یەك دەنگ
پیرۆزبایی جەژنی ساڵ
دەکەن لە خاوەنی ماڵ



# ئالآی کوردستان

لەسەر دڵم دەنەخشێنم
ئالآی کوردستان
خاوەن مێژووم سەر بڵندم
بە چەندین داستان
هەتا ماوم لەبیرناکەم
خوێنی شەهیدان
ڕۆڵەی کوردم دەیپارێزم
خاکی کورد ستان
خوێنی سورم هەڵدەڕێژم
وێنەی بەر خودان
تیشکی خۆرم بیست و یەکم
نەورۆزی کوردان
کۆتری سپیم ئاشتی هێنم
بۆ تۆ کورد ستان
سەوز پۆشم وەك بەهارم
ئەی گوڵی کوێستان




## سفر

قـوتـابـیـانـی کـوڕ و کچ
کەس بە سـفر نەڵێ هیچ
سـفـر بـە ڕواڵــەت وایە
زۆر بـە نــــرخ و بـەهایە
هـێـمـا کـــراوە بـە خاڵ
نـاکــرێ نەیـنـاسێ مـناڵ
دانـــــراوە لــە بـیـرکاری
بــۆ یـارمەتی و هاوکاری
لە پێـش ژمـارەك داینێ
شـوێن و خانەی دەگۆڕێ
ئـەگەر بێت و تـۆ لاییەی
نـرخ و بەهـاکەی دەبەی



## ئاسمان


بڕوانە ئاسمانی گەش
بووە بەحەوت چین و بەش
دەی تۆش بزانە ئەوەش
ئەوانەی گرتە باوەش
ئەستێرە و کۆمەڵەی خۆر
شێوە و چەشنی هەمە جۆر
لە بۆشایی مەودای زۆر
وا دانراوە جۆرا و جۆر
جگە لە هەور و باران
لە فرۆکە و باڵداران
مانگ و ئەستێرەی شەوان
لای ئاسمان دەبنە میوان






## بەرسیلە

منم منم بەرسیلە
دنك سەوز و وردیلە
بە دارێکی خێچ و خوار
هەڵواسراوم سەرە و خوار
لەتامدا ترش و خۆشم
سایە و سێبەری تۆشم
دەبم بە ترێ و سرکە
ماڵی خۆتم لێ پڕکە
بۆ مێوژ و بۆ شەربەت
دانراوم گەلێك تایبەت
ڤیتامین و سودی زۆر
دەبەخشم بە چەندین جۆر



# بیرکاری

وانەی بیرکاری بیرە
ئەوەی تێیبگا ژیرە
کۆ و کەمم لا ئاسانە
تۆزێک لێکدان گرانە
دابەشکردن بەش بەشە
دڵ بەو کردارە گەشە
بۆ خۆت ژیر و وریا بە
گوێڕایەڵێکی باش بە
بیر و هۆشت فراوان کە
تا لات ڕوون بێ وانەکە



# دار

له چوار بەش پێکهـاتووه
بـه "دار" نــاوی هـاتووه
ڕەگ و قـەد و گەڵا و بەر
هـەیـانـه سـایـه و سێبەر
بــاڵای بـڵــنــد و بــەرزه
ڕەگـی وا لـه ژێـر ئـــەرزه
پـێـویـسـتـی زۆر بە ئاوه
لـەگـەڵ تیـشـکی هەتاوه
شــێـوه و قـەبـارەی زۆره
کـــراون بـــه دوو جۆره
هــەندێکیان دەبـن بەبەر
هــەندێکیان تەنها سێبەر



# نەورۆز

لە بیست و یەکی ئادار
ڕۆژی نەمانی زۆردار
گوڵ خۆی دەبێ بەسەردار
چرۆ دەکا لەسەر دار
بووکی ڕازاوەی بەهار
دایدەپۆشێ لادێ و شار
لایدەبا بەرگی بێزار
دونیا دەکا بە گوڵزار
لە نەورۆز مانگی ئادار
ساڵی تازە دێتە ژمار
دەبێ منداڵی هۆشیار
بزانێ و نەکا پرسیار
هاوکاتە لەگەڵ بەهار
جەژنی دایکی نازدار




# ئــاو

ئــاو ســەرچــاوەی ژیـــانــە
بـــێــگـــەردە و بـێ زیـــانـــە
نـەتـامی هـەیــە و نــەڕەنـگ
سروشتی جــوان و قـەشـەنـگ
ســێ بـەشــی زەوی ئــــاوە
خــــودا ئــــاوای دانــاوە
خــوڕەی دێ لـــەســەر زەوی
کـــاتـێ بـەرگـــوێت دەکـەوی
لـــەگـەڵ ئـــــاوی ژێـــر زەوی
بە کـــانــیــــاو دەردەکــەوی
ســـامـــانـێـکی بە نــرخــە
کـەمـێ گـــوێــتـم بـۆ ڕاخـــە
هـەرگیـز بـە فــیـڕۆی مـــەدە
ژیــانـــمــان بـە ئـاو بـەنـدە



# مـێـرroولـە

من مـێـرroولـەی وردیلە
بـچـكۆڵـەی پـێ دەرزیلـە
ڕەنـگـم ڕەشـی تـاریـكـە
لــەش و لارم بــاریـكـە
هـەر دەكـــەم ڕاكـە ڕاكـە
بـۆدەسـت كەوتنی خۆراكە
بـەهــۆی ڕژانـــی شیلە
بــۆن دەكـــەم دانـــەوێڵە
مــاڵـم لـەجـێـی تـاریـكـە
دەچـمـە كـونـی بـاریـكـە
وەك مـلـوانـكـە و زریــزە
دەچـیـنـەوە بــەڕیــزە



## بنچینەکانی ئـیسـلام

مـن مـسـوڵـمـانم کـوردم
مـنـاڵـم هـێـشـتـا وردم
بـنـچـیـنـەکـانی ئـیـسـلام
پـێـنـجن شـیـریـنـن لە لام
شـایـەتـیدان , نـوێژکردن
بـە ڕۆژوبـوون , حەج کردن
زەکـات و لە مـاڵ بەخشین
گـشـتـیـان مایەی دڵخۆشین
خـودا وای بـۆ دانـاویـن
تـا شـادبیـن هـەتـا ماوین



## جانتاکەم

جانتـاکەم دەخـەمـە کـۆڵ
لەگەڵ خۆم دەیـبەمـە پـۆل
ئـەو نـهـێـنـی پـارێزە
هـاوڕێـمـە و زۆر دڵسۆزە
لـە مـاڵ بـۆ قـوتابخـانە
هـاوکـارمـە ئـەو ڕۆژانە
لـە کـتـێـب و لـە دەفتەر
لـە ڕاسـتـە و قەڵەم دادەر
هەرچی هەیـە کەل و پـەل
هەڵدەگرێ و نـاڵێتـن: لـەل



## تیڤی

تیڤی هەیە لە ماڵان
بۆ گەورە و بۆ مناڵان
بەرنامەی تێدا زۆرە
ڕەنگا و ڕەنگ هەمە جۆرە
کە لە تیڤی دەڕوانم
دەیپارێزم چاوانم
دادەنیشم من لە ژوور
سەیری دەکەم دوور بە دوور
بۆ ماوەیەکی دیار
لە چاوم دەبم هۆشیار
پێی ناگەیێنم زیان
تا جوان ببینم ژیان




## شێوە ئەندازەکان

ئــەنــدازە هــەمــە جـۆرە
شـــێـــوە و قـــەبـــارەی زۆرە
دەســـتـــەکـــانـــت هـــەڵبڕە
نـــاوەکـــانـــیـــان دەربـڕە
بـــازنـــە لـــە شـــێـــوەی خـڕە
سـێ ســـەد و شـــەســـتـــی پڕە
چـوارگـــۆشـــەش لـــەو بـــوارە
ســـــەر و لاکـــانـــی چـــوارە
لاکـــێـــشـــــەش وا دیـــارە
دوو لای بـــۆ یـــەك لـــەبـــارە
سێگۆشەش کەمێك ســـەیـــرە
هـــەر وەك دنـــدوکـی تـەیـرە



## پۆلی یەك

ئەی قوتابی وردیلە
پۆلی یەکی خنجیلە
دابنیشە لەو پۆلە
ئەرکی زۆرت لە کۆڵە
هاوڕێیەکت لە پاڵە
خێزانێکن لەو ماڵە
هاوتەمەن و هاوپۆلە
ڕێزی لێ بگرە ڕۆڵە
مامۆستا هات لەو هۆڵە
هەگبەی پڕی لەکۆڵە
زانستی هێنا پۆلە
ڕووناك بۆوە ئەم هۆڵە



## پەڕینەوە لەڕێگا

دەی بڕۆ بەو جێگایە
پەڕینەوەی ڕێگایە
بەو شوێنەی ڕێدراوە
هێلی سپی کێشراوە
لە هەر دوو لات بڕوانە
مەڕۆ بە پێچەوانە
بەتۆ دەڵێن: پیادە
لە گوێ بگرە بەهەندە
سەلامەتی گیانی تۆ
پەیوەستە بە هاتووچۆ




# دەستپاکی

مـنـداڵـێـکی دەستپـاکـم
لـە زۆر شــتـا بـێ باکـم
لـە قـوتابخـانـە چـالاکـم
هـاوڕێـی مـنـاڵـی چاکم
هـەر شـتـێك بدۆزمـەوە
کـە هــەڵــیــدەگـرمەوە
خـــاوەنـــی دەبینمـەوە
ئیـنـجـا دەیگـەڕێـنـمـەوە
بـە سـاغ و سـەلامـــەتی
دەیخەمەوە نـاودەسـتـی
پێ دەڵێم: کـاری ڕاسـتـی
لایدەبـا خـەم و پـەسـتـی



# سپلیت

ئەو ئامێرە سپلیتە
بۆماڵەوە پێویستە
دەبێ لە شوێنی بەرز
دابندرێ ڕوو لە ئەرز
هەوای فێنك و شێدار
بۆ کەشێکی زۆر لەبار
یا بەو هەوایە گەرمە
دەتپارێزێ لە سەرما
ئەگەر دەزانی وایە
بێ کێشە و بێ بەڵایە
بۆ هاوین و بۆ زستان
سپلیت دانێ لە ماڵتان





# درۆ

مـنالّ هەیە لەسەرخـۆ
هـەڵـە نـاکـا بە بێ هـۆ
لـەگـەڵ کـەس ناکا درۆ
وشـەی ڕاست دێنێتەگـۆ
هـاو سـەفەری ڕێ ژیان
ڕێی خۆت بگرە بێ زیان
بە تیشکی ڕوونی بـەیان
بنەخشـێنە کـاری جـوان
هـەمـیشـە ڕاسـتی بڵێ
هـیـچ کـاتێ درۆ مـەڵێ
بـا بـفـڕێ لات نـەمـێنێ
ڕەوشتی جـوان ناهـێڵێ




# سروشتی وەرزەکـان

تـــۆش وەکـــو مـــن بـــیـــزانـــە
ســــــروشـــتـــی ئـــەم وەرزانە
زەوی و مـانـــگ لــە ســــوڕانـــە
ســێ مـــانـــگ وەرزێ مـیـــوانە
ساڵـیـش کـــە دوازدە مـــانـــگـــە
ڕازاوەیـــــە و چـــــوار ڕەنـــگـــە
هـــەر ڕەنـــگێ وا قـــەشـــەنگە
شیرین وەك شیلـەی هـەنـــگـــە
ســوپـاس بـــۆ خـــوای تـاقـانـــە
وا هـــــەن لـــەم کـــوردســـــتانە
هـــەر چـــوار نـــاویـان جـوانـــە
دەی تـــۆش بـیـــزانـــە گـیـــانـە



# مناڵی ژیر

من مناڵێکی ژیرم
هەمیشە بە هۆش و بیرم
بۆ خوێندن کۆشش دەکەم
تا ئەو ڕۆژەی پێ دەگەم
بە زانست و زانیاریم
خزمەتی وڵات دەکەم
تێدەکۆشم بۆ ژیان
بۆ کەسم نابێ زیان
ڕاستگۆیی و کاری جوان
هەموو کات دەبنە میوان



# ڕێز

پێویستە لەسەر منالّ
لە قوتابخانە و لە مالّ
ڕێزی زیاتر بنوێنێ
دلّی کەس نەڕەنجێنێ
چونکە وا فێرکراوین
بەو ڕێزە ڕاهێنراوین
ڕێزی بەرامبەر بگرین
گوێ لە گەورە ڕاگرین
گەر خۆت ئاوا ڕابێنی
جوانتر ژیان دەبینی



# ماسی

ئـەوەی مـــن بـاش بناسی
دەبـێـتـە هـاوڕێـی ماسی
لـە وشـکـانی یـا لە ئـاوی
دڵـخـــۆش دەبـێ بەباسی
لـەنـاو دەفـری پڕ لـەئـاو
جوان دایدەنێ لـەبەر چـاو
هەمـوو ڕۆژێ دەچمـە لای
تـا لـێـم بـکـاتـن سـڵاو
من پێی دەڵێم:ماسی جوان
تۆ بەهۆی ڕیـشـوە کـەوان
یـاخـود هـــەوای تـوواوە
دەژی تـــۆ ڕۆژ و شـــەوان
ماسی دەڵێ: هاوڕێ گـیـان
بـەبـێ ئـاو نـاکـەم ژیـان
چوون لەگەڵ تـۆ هاوڕێمـە
هـەرگیـز مـن ناکەم زیـان



## نـوێـژ کـردن

نـــیـەت بێـنــن نـوێـژ بـــکـــەن
ڕووی  لـە قیبلەی خـوا بـــکـــەن
لـە پـێـنـج  کـــاتــــی ڕۆژانـــە
ڕابـگـــرن ئـــەو ئـــیــمـــانـــە
بـــەیـــانـی و نـــیـــوەڕۆیـــان
لـــە عـــەسـر و لـە ئـێـــواران
شەوانـیش پێش خـــەوتـنـــان
دوا مـەخـەن نـــوێــژەکـــانـتـان
بـە شۆردن دەسـت پـێ بـکـەن
جـوان قـۆڵـی لـێ هـەڵ بکـەن
بە تەکبیر دەســت پــێ بـکـەن
( الله اکـــبـــر ) بـــــکـــــەن



# یـــاری

ئـــادەی وەرن مـــنـــاڵان
با یـاری کـەین وەك جـاران
چاوشارکێن و تـۆپ تۆپێــن
هەڵـمـاتـێـن و غـار غـارێن
کـام یـــاری تان لا خـۆشـە
پـــڕ جـۆش و پـڕ خـرۆشـە
بـا بـبـیـن بـە دوو بـەشـە
تـیـمـی پـــروشـە و گـەشە
ئـەنـجـامی کـۆتـا بـەشـتـە
نەکەی بە حەوت و هەشتـە
گـرنـگ لە یـاری ڕەوشـتـــە
ئـەوەیش باشـتـریـن شـتـە







## هەستەکانی مرۆڤ




مرۆڤ خاوەنی هەستە
هەر پێنج هەستی پیویستە
هەر کارێکی ئەو هەستە
بە دڵ و مێشك پەیوەستە
هەستی بینین بە چاوە
دونیامان بۆ نەخشاوە
هەستی بۆنیش بە لوتە
خۆشی دەبەخشێ پێتە
هەستی بیستن بە گوێیە
کە بانگم کرد گوێت لێیە
هەستی تامیش لە دەمە
بۆ چێژ و خۆشی ژەمە
هەستی بەرکەوتن دەستە
ئەویش پێنجەمین هەستە









## منداڵ و کۆرۆنا

گوێم لێبگرە ئـەی مـناڵ
نەکەی بێتە دەر لـەمـاڵ
نـزیك لای بـابە و دایـە
دوور لە دەرد و پەتـایـە
دەزانـی ئـەو ڤـایـرۆسە
دەچێـتـە نـاو هەناسـە
هیلاك دەکاتن جەسـتە
دەبێ بـچـیـتە خەستـە
ئیتـر مـەچـۆ بـۆ کۆڵان
یاخود سـەردانی مـاڵان
دوورکەوە لە بەرکەوتـن
دەتـپـارێــزێ لە کەوتن



## مافەکانی منداڵان

مافی خۆمە بیزانم
منداڵی ناو خێزانم
هەبوونی ئەو ناسنامە
بۆ ژین مافی ڕەوامە
دەبێ بچمە بەر خوێندن
بۆ پەروەردە و فێرکردن
لە خواردنەوەی ئاوی پاك
تا دەگاتە ژەمی چاك
لە دوای ئەو یاریکردن
کاتی خۆش بە سەربردن
چاودێری تەندروستی
بە ڕاستی و بە دروستی
بۆ منداڵان پێویستە
ژیانێکی شایستە



# سوپاس و پێزانین

پڕ بەدڵ سوپاسی هەموو ئەو بەرێزانە
دەکەم کەیارمەتیاندام لە هەڵەچنی و
لە ڕێنمایی بەتایبەتی مامۆستایان و برایانی زێدە ئازیزم
( زمکان حمە عزیز و نەجات عبدالرحمن و ئەشقی فایەق )
سەربەرز و سەرفرازی هەر دوو دونیا بن.



## کورتەیەک لەژیاننامەی شاعیر :

ناوی تەواوی شاعیر بەختیار حەمەد تاهیرە ناسراوە بە (بەختیار کەلهوڕی) لەشاری هەولێر لەساڵی (1984) لەدایک بووە قۆناغەکانی خوێندنی هەر لەم شارە تەواوکردووە دواتر لەپەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی هەولێر وەرگیراوە و دوای تەواو کردنی دوو ساڵی پەیمانگا بڕوانامەی ( دبلۆم ) لەبیرکاری وەردەگرێ و دەبێ بە مامۆستا , دوای هەشت ساڵ خزمەتی مامۆستایەتی جارێکی تر ڕوو لەخوێندن دەکاتەوە و بڕوانامەیەکی تری زانستی ( بەکالۆریۆس ) لەزانکۆی سەلاحەددین هەولێر لەبەشی زمان و ئەدەبی کوردی وەردەگرێ ئێستاش بەردەوامە لەسەرکاری خۆی شاعیر هیچ بەرهەمێکی تری بڵاوکراوەی نییە, شاعیر سەرەتای نووسینی شیعرەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی (2004-2005) بەشداری چەندین بەرنامەی تیڤی و ڕادیۆ و زۆر کۆڕی شیعری کردووە ئێساتش چەند بەرهەمێکی ئامادەکراوی شیعری لەبوارە جۆر بە جۆرەکانی ژیاندا هەیە ئامادەیە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە, لەئایندەیەکی نزیک شاعیر بڵاویان دەکاتەوە .